# پێداچوونەوەیەک بۆ کتێبی (ڕێنووس و خاڵبەندی)

ئامادەکردنی/ مامۆستا عەبدوڵڵا عەبدولقادر عەلی
مامۆستا لە ئامادەییی شەهید دانای کوڕان

(پ. ی. د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو) ناوێکی درەوشاوە و دیارە، بەرهەمەکانیشی لە بواری زمانەوانیدا ڕاژەیەکی باشی زمانی کوردییان کردووە و دەکەن.

یەکێک لە کتێبە نایابەکانی، کتێبێکە بە ناوی (ڕێنووس و خاڵبەندی)، لە دووتوێی (١٥٨) لاپەڕە لە ساڵی (٢٠١٦)دا بڵاوی کردووەتەوە. ئەم بەرهەمە جگە لە پێشەکی، لە چوار بەشی سەرەکی پێک هاتووە، بەجۆرێک بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ چەمک و پێناسەی ڕێنووس و ئەلفوبێ، پێناسە و تایبەتمەندیی نووسین و قۆناغەکانی پەیدابوونی نووسین. بەشی دووەم تەرخان کراوە بۆ جۆرەکانی ئەلفوبێ و باسیشیانی کردووە، بەتایبەتی ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی. بەشی سێیەم تایبەتە بە چەند لایەنێکی ڕێنووسی کوردی. بەشی چوارەمیش تەرخان کراوە بۆ خاڵبەندی. لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان تۆمارکراون کە (٧٥) سەرچاوەی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەکارهێناوە.

ئەم بەرهەمە بەسوود و گرنگە لە بوارەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێ و خاڵبەندیدا، زانیاریی بەپێزی تێدایە، ماندووبوونی نووسەرەکەی پێوە دیارە، بەگشتی بەرهەمێکی ناوازەیە و خزمەتێک بە بواری ڕێنووس و خاڵبەندی دەکات، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە بەدەر بێت لە ڕەخنە و خاڵی بێت لە هەڵە، بەڵکو پێویستە بە چاوێکی ڕەخنەییییەوە بخوێنرێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و هەڵەکانیشی دەستنیشان بکرێت.

لە ڕوانگەی خەمخۆری و هەستکردنەوە و پاش خوێندنەوەیەکی ورد و لەسەرخۆی کتێبەکە ئەم هەڵانەم بەرچاو کەوت، هەڵەکانم دەستنیشان کردووە و ڕاستییەکەشیانم لە بەرانبەریدا نووسیوە، بەو هیوایەی لە چاپەکانی داهاتوودا چاک بکرێنەوە چونکە هەڵەی کتێب زۆرجار خوێنەر بێزار دەکات و لەوانەشە ئەگەر خوێنەرەکە زۆر ورد و بەدیقەت نەبێ زانیاریی ناو کتێبەکە بە هەڵە وەربگرێت.

لە کۆتاییدا لەوانەشە هەڵەی تر هەبێ و بەسەر منیشدا تێپەڕیبێ، بەڵام من هەر ئەوەندەم پێکراوە.

ئەمانەی خوارەوەش دیارترین هەڵەکانن:

# بەرگی کتێبەکە تا بەشی یەکەم:

١/ لەسەر بەرگی کتێبەکە ناوی (عەبدوللا) وا نووسراوە، بەڵام (عەبدوڵڵا) دروستترە.
٢/ لە لاپەڕە (١)، ناوی (عەبدوللا) وا نووسراوە، بەڵام (عەبدوڵڵا) دروستترە.
٣/ لە لاپەڕە (٢)، ناوی (عەبدوللا) وا نووسراوە، بەڵام (عەبدوڵڵا) دروستترە.
٤/ لە لاپەڕە (٢)، (لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی...) وا نووسراوە، بەڵام (لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی...) دروستترە.
٥/ لە لاپەڕە (٦)، لە دێڕی (١١)، (ڕۆشنبیریی) وا نووسراوە، بەڵام (ڕۆشنبیری) دروستترە.
٦/ لە لاپەڕە (٦)، لە دێڕی (١٨)، (نازانستیی) وا نووسراوە، بەڵام (نازانستی) دروستترە.
٧/ لە لاپەڕە (٧)، لە دێڕی (١٦)، (کرمانجی سەروو) وا نووسراوە، بەڵام (کرمانجیی سەروو) دروستترە.
٨/ لە لاپەڕە (٧)، لە دێڕی (١٦-١٧)، (کرمانجی ناوەڕاستە) وا نووسراوە، بەڵام (کرمانجیی ناوەڕاستە) دروستترە.
٩/ لە لاپەڕە (٧)، لە دێڕی (١٨)، (کارگێڕیی) وا نووسراوە، بەڵام (کارگێڕی) دروستترە.
١٠/ لە لاپەڕە (٧)، لە دێڕی (١٨)، (میریی) وا نووسراوە، بەڵام (میری) دروستترە.
١١/ لە لاپەڕە (٨)، لە دێڕی (٤)، (بوونایین) وا نووسراوە، بەڵام (بووبایین) دروستترە.
١٢/ لە لاپەڕە (٨)، لە دێڕی (٥)، (بۆتە) وا نووسراوە، بەڵام (بووەتە) دروستترە.
١٣/ لە لاپەڕە (٨)، لە دێڕی (١١)، (هەواداڕنی) وا نووسراوە، بەڵام (هەوادارانی) دروستترە.

# بەشی یەکەم:

١٤/ لە لاپەڕە (١٢)، لە دێڕی (١٠)، (ەرگیراوە) وا نووسراوە، بەڵام (وەرگیراوە) دروستترە.
١٥/ لە لاپەڕە (١٢)، لە دێڕی (١٥)، (یۆنانیەکانیش) وا نووسراوە، بەڵام (یۆنانییەکانیش) دروستترە.
١٦/ لە لاپەڕە (١٥)، لە دێڕی (٥)، (لە یەک قۆناغەدا) وا نووسراوە، بەڵام (لە یەک قۆناغدا) دروستترە.
١٧/ لە لاپەڕە (١٥)، لە دێڕی (٧)، (جۆراوجۆرکاندا) وا نووسراوە، بەڵام (جۆراوجۆرەکاندا) دروستترە.
١٨/ لە لاپەڕە (١٥)، لە دێڕی (١٣)، (دووریی) وا نووسراوە، بەڵام (دووری) دروستترە.
١٩/ لە لاپەڕە (١٨)، لە دێڕی (٦-٧)، (پیشان دەدات) وا نووسراوە، بەڵام (پیشان دەدا) دروستترە چونکە ڕابردووی بەردەوامە نەک ڕانەبردوو.
٢٠/ لە لاپەڕە (١٩)، لە دێڕی (٥)، (وڵاتانی) وا نووسراوە، بەڵام (وڵاتانی) تەواوترە.

# بەشی دووەم:

٢١/ لە لاپەڕە (٢٧)، لە دێڕی (٧)، (کۆکردۆتەوە) وا نووسراوە، بەڵام (کۆکردووەتەوە) دروستترە.
٢٢/ لە لاپەڕە (٢٩)، لە دێڕی (٣)، (بەهێزیی) وا نووسراوە، بەڵام (بەهێزی) دروستترە.
٢٣/ لە لاپەڕە (٣١)، لە دێڕی (٦-٧)، (یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو) وا نووسراوە، بەڵام (یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو) دروستترە.
٢٤/ لە لاپەڕە (٣٢)، لە دێڕی (١)، (یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو) وا نووسراوە، بەڵام (یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو) دروستترە.
٢٥/ لە لاپەڕە (٣٤)، لە دێڕی (١٢)، (قوتابیە کوردەکان) وا نووسراوە، بەڵام (قوتابییە کوردەکان) دروستترە.
٢٦/ لە لاپەڕە (٣٧)، لە دێڕی (١)، (پیێیان) وا نووسراوە، بەڵام (پێیان) دروستترە.
٢٧/ لە لاپەڕە (٣٩)، لە دێڕی (٦)، (تەنها) وا نووسراوە، بەڵام (تەنیا) دروستترە.
٢٨/ لە لاپەڕە (٣٩)، لە دێڕی (١٦)، (شێوارزی) وا نووسراوە، بەڵام (شێوازی) دروستترە.
٢٩/ لە لاپەڕە (٣٩)، لە دێڕی (١٧)، (ئەلوبێی) وا نووسراوە، بەڵام (ئەلفوبێی) دروستترە.
٣٠/ لە لاپەڕە (٣٩)، لە دێڕی (١٩)، (تەنها) وا نووسراوە، بەڵام (تەنیا) دروستترە.
٣١/ لە لاپەڕە (٤٠)، لە دێڕی (٧)، (کەسایەتیانەیە) وا نووسراوە، بەڵام (کەسایەتییانەیە) دروستترە.
٣٢/ لە لاپەڕە (٤٠)، لە دێڕی (٨)، (چارێگی) وا نووسراوە، بەڵام (چارەکی) دروستترە.
٣٣/ لە لاپەڕە (٤٠)، لە دێڕی (١٣)، (قوتابی) وا نووسراوە، بەڵام (قوتابیی) دروستترە.
٣٤/ لە لاپەڕە (٤٣)، لە دێڕی (١٤)، (کۆپیەکانی) وا نووسراوە، بەڵام (کۆپییەکانی) دروستترە.
٣٥/ لە لاپەڕە (٤٤)، لە دێڕی (١٧)، (ئەم کەسایەتیە) وا نووسراوە، بەڵام (ئەم کەسایەتییە) دروستترە.
٣٦/ لە لاپەڕە (٤٦)، لە دێڕی (٢)، (زایینیەکەشی) وا نووسراوە، بەڵام (زایینییەکەشی) دروستترە.
٣٧/ لە لاپەڕە (٤٦)، لە دێڕی (١٧)، (کردۆتەوە) وا نووسراوە، بەڵام (کردووەتەوە) دروستترە.
٣٨/ لە لاپەڕە (٤٧)، لە دێڕی (١)، (خستۆتەگەڕ) وا نووسراوە، بەڵام (خستووەتەگەڕ) دروستترە.
٣٩/ لە لاپەڕە (٤٨)، لە دێڕی (١٥)، (ئەو زانیاریانەی) وا نووسراوە، بەڵام (ئەو زانیارییانەی) دروستترە.
٤٠/ لە لاپەڕە (٤٩)، لە دێڕی (٨)، (کەمکردۆتەوە) وا نووسراوە، بەڵام (کەمکردووەتەوە) دروستترە.

٤١/ لە لاپەڕە (٤٩)، لە دێڕی (٨)، (گەیشتۆتە) وا نووسراوە، بەڵام (گەیشتووەتە) دروستترە.
٤٢/ لە لاپەڕە (٦٢)، لە دێڕی (٢)، (کردۆتەوە) وا نووسراوە، بەڵام (کردووەتەوە) دروستترە.
٤٣/ لە لاپەڕە (٦٣)، لە دێڕی (٣)، (زانیاریەکمان) وا نووسراوە، بەڵام (زانیارییەکمان) دروستترە.
٤٤/ لە لاپەڕە (٦٤)، لە دێڕی (١١)، (بڵاوی کردۆتەوە) وا نووسراوە، بەڵام (بڵاوی کردووەتەوە) دروستترە.
٤٥/ لە لاپەڕە (٦٧)، لە دێڕی (٥)، (کرمانجی سەرووش) وا نووسراوە، بەڵام (کرمانجیی سەرووش) دروستترە.
٤٦/ لە لاپەڕە (٦٩)، لە دێڕی (٨)، (دواوەو) وا نووسراوە، بەڵام (دواوە و) دروستترە.
٤٧/ لە لاپەڕە (٦٩)، لە دێڕی (١٠)، (لەدەرچوونی) وا نووسراوە، بەڵام (لە دەرچوونی) دروستترە.
٤٨/ لە لاپەڕە (٧٠)، لە دێڕی (٣)، (ڕووپەرەکانی) وا نووسراوە، بەڵام (ڕووپەڕەکانی) دروستترە.
٤٩/ لە لاپەڕە (٧٢)، لە دێڕی (٧)، (کرمانجی سەرووش) وا نووسراوە، بەڵام (کرمانجیی سەرووش) دروستترە.
لەم لاپەڕەیەدا چەندان جار ئەمە دووبارە بووەتەوە.
٥٠/ لە لاپەڕە (٧٢)، لە دێڕی (٩)، (شێوازاری) وا نووسراوە، بەڵام بە ڕای من (شێوەزاری) دروستترە.
٥١/ لە لاپەڕە (٧٢)، لە دێڕی (١٣)، (کەموکووڕیی) وا نووسراوە، بەڵام (کەموکووڕی) دروستترە.
٥٢/ لە لاپەڕە (٧٤)، (گورگ) بە دوو برگە دانراوە، بەڵام هەمان وشە لە لاپەڕە (١٠٣) واتە وشەی (گورگ) بە یەک برگە دانراوە. بۆچی؟!
٥٣/ لە لاپەڕە (٧٧)، وشەی (دایک=daîk) وا نووسراوە، بەڵام (دایک=Dayik) دروستترە، ئەگەر دوو برگە بێت.
ئەگەر یەک برگەش بێت (دایک=dayk) دروستترە.
٥٤/ لە لاپەڕە (٧٨)، وشەی (هاوکار=hawker) وا نووسراوە، بەڵام (هاوکار=Hawkar) دروستترە
٥٥/ لە لاپەڕە (٧٩)، لە دێڕی (٧)، (کرمانجی سەروو) وا نووسراوە، بەڵام (کرمانجیی سەروو) دروستترە.
٥٦/ لە لاپەڕە (٨١)، لە دێڕی (٥)، (کرمانجی سەروو) وا نووسراوە، بەڵام (کرمانجیی سەروو) دروستترە.
٥٧/ لە لاپەڕە (٨٥)، لە دێڕی (٤)، (هاتۆتە) وا نووسراوە، بەڵام (هاتووەتە) دروستترە.

٥٨/ لە کتێبەکەدا بۆ هەردوو پیتی (ع) و (ئـ) یەک نیشانەی کۆما (,) دانراوە بۆ لاتینییەکە، ئەمەش ناتەواوییە، چونکە لە سەرچاوەی دیکەدا بۆ (ع) نیشانەی (,) و بۆ (ئـ) نیشانەی (،) دانراوە، ئەمە باشترە چونکە دوو هێمای جیاوازن بۆ دوو پیتی جیاواز.
٥٩/ لە لاپەڕە (٨٥)، لە دێڕی (١٢)، (نازانستیی) وا نووسراوە، بەڵام (نازانستی) دروستترە.
٦٠/ لە لاپەڕە (٨٦)، لە دێڕی (١٧)، (کرمانجی سەروو) وا نووسراوە، بەڵام (کرمانجیی سەروو) دروستترە.
٦١/ لە لاپەڕە (٨٦)، لە دێڕی (١٧-١٨)، (کرمانجی ناوەڕاستە) وا نووسراوە، بەڵام (کرمانجیی ناوەڕاستە) دروستترە.
٦٢/ لە لاپەڕە (٨٦)، لە دێڕی (١٩)، (کارگێڕیی) وا نووسراوە، بەڵام (کارگێڕی) دروستترە.
٦٣/ لە لاپەڕە (٨٦)، لە دێڕی (١٩)، (میریی) وا نووسراوە، بەڵام (میری) دروستترە.

## بەشی سێیەم:

٦٤/ لە لاپەڕە (٩٢)، لە دێڕی (٢)، (هاتۆتە) وا نووسراوە، بەڵام (هاتووەتە) دروستترە.
٦٥/ لە لاپەڕە (٩٢)، (بەزۆری) وا نووسراوە، بەڵام لە لاپەڕە (٨٩) (بە زۆری) وا نووسراوە؟!
٦٦/ لە لاپەڕە (٩٣)، لە دێڕی (٦)، (هەمزە i) وا نووسراوە، بەڵام (بزرۆکە i) دروستترە.
٦٧/ لە لاپەڕە (٩٣)، لە دێڕی (١٢)، (بەگوێری) وا نووسراوە، بەڵام (بەگوێرەی) دروستترە.
٦٨/ لە لاپەڕە (٩٥)، لە دێڕی (١٤)، (فۆنەتیکیی) وا نووسراوە، بەڵام (فۆنەتیکی) دروستترە.
٦٩/ لە لاپەڕە (٩٨)، لە دێڕی (٥)، (ڕەتکردۆتەوە) وا نووسراوە، بەڵام (ڕەتکردووەتەوە) دروستترە.
٧٠/ لە لاپەڕە (١٠٢)، لە دێڕی (٩)، هەردوو وشەی (شیو، فریو) بۆ واوی بزوێن نوسراون بەڵام واوی هەردووکیان نەبزوێنن.
٧١/ لە لاپەڕە (١٠٣)، لە دێڕی (٦)، (زانستیی) وا نووسراوە، بەڵام (زانستی) دروستترە.
٧٢/ لە لاپەڕە (١٠٤)، وشەی (Şyu=شیو) وا نووسراوە، بەڵام (Şîw=شیو) دروستترە.
٧٣/ لە لاپەڕە (١٠٤)، وشەی (fryu=فریو) وا نووسراوە، بەڵام (firîw=فریو) دروستترە.
٧٤/ لە لاپەڕە (١٠٥)، لە دێڕی کۆتایی، وشەی (لوڕ) وا نووسراوە، بەڵام لە لاپەڕە (١١١) هەمان وشە (لووڕ) وا نووسراوە؟
٧٥/ لە لاپەڕە (١٠٩)، لە دێڕی (١٣)، (ڕێنوس) وا نووسراوە، بەڵام (ڕێنووس) دروستترە.
٧٦/ لە لاپەڕە (١٠٩)، لە دێڕی (١٨)، (-٣) وا نووسراوە، بەڵام (-٢) دروستترە.
٧٧/ لە لاپەڕە (١١٣)، لە دێڕی (١٥)، (هونەریی) وا نووسراوە، بەڵام (هونەری) دروستترە.
٧٨/ لە لاپەڕە (١١٥)، لە دێڕی (٩)، (کرمانجی سەروو) وا نووسراوە، بەڵام (کرمانجیی سەروو) دروستترە.

٧٩/ لە لاپەڕە (١١٦)، لە دێڕی (١٣)، (قورگییە) وا نووسراوە، بەڵام (قوڕگییە) دروستترە.
٨٠/ لە لاپەڕە (١١٧)، لە دێڕی (١٢)، (هاتۆتە) وا نووسراوە، بەڵام (هاتووەتە) دروستترە.
٨١/ لە لاپەڕە (١١٧)، لە دێڕی (١٦)، (کاریگەری زمانی عەرەبی) وا نووسراوە، بەڵام (کاریگەریی زمانی عەرەبی) دروستترە.
٨٢/ ناوی (محەمەد) بە دوو شێوە لە کتێبەکەدا هاتووە و نووسراوە، جارێک بەشێوەی (محەمەد) لە لاپەڕە(١١٧) و جارێکیش بەشێوەی (محەممەد) لە لاپەڕە (١٢٧)، کامیان دروستترە؟
٨٣/ لە لاپەڕە (١١٩) بۆ پیتی (ص) کە دەڵێیت دەکرێ بە (س).
ئایا چۆن دوو وشەی وەکو (منصور = مەنسوور) و (منثور = مەنسوور) ئەگەر بە ڕێنووسی کوردی بنووسین جیابکەینەوە؟
٨٤/ لە لاپەڕە (١٢٤)، لە دێڕی (٣)، (دیییان) وا نووسراوە، بەڵام (دییان) دروستترە.
٨٥/ لە لاپەڕە (١٢٨)، لە دێڕی (١٤)، (کارگێڕیی) وا نووسراوە، بەڵام (کارگێڕی) دروستترە.
٨٦/ لە لاپەڕە (١٢٩)، لە دێڕی (١٣)، (پلار) وا نووسراوە، بەڵام (پڵار) دروستترە.
٨٧/ لە لاپەڕە (١٢٩)، لە دێڕی (١٧)، (توانج و تەشەریە) وا نووسراوە، بەڵام (توانج و تەشەرە) دروستترە.
٨٨/ لە لاپەڕە (١٣٠)، لە دێڕی (٣)، (تەنها) وا نووسراوە، بەڵام (تەنیا) دروستترە.
٨٩/ لە لاپەڕە (١٣١)، لە دێڕی (١٤)، (کوردیی) وا نووسراوە، بەڵام (کوردی) دروستترە.
٩٠/ لە لاپەڕە (١٣٢)، لە دێڕی (١)، (کوردیی) وا نووسراوە، بەڵام (کوردی) دروستترە.
٩١/ لە لاپەڕە (١٣٢)، لە دێڕی (٣)، (زۆرجارن) وا نووسراوە، بەڵام (زۆرجاران) دروستترە.

## بەشی چوارەم:

٩٢/ لە لاپەڕە (١٣٣)، (چوارم) وا نووسراوە، بەڵام (چوارەم) دروستترە.
٩٣/ لە لاپەڕە (١٣٤)، لە دێڕی (٦)، (خراپەکاریی) وا نووسراوە، بەڵام (خراپەکاری) دروستترە.
٩٤/ لە لاپەڕە (١٣٥)، لە دێڕی (٤)، (تێکەلێکێشییەکان) وا نووسراوە، ئەمە چییە؟!
٩٥/ وشەی (سەرسووڕمان) لە لاپەڕە (١٣٥)، (١٣٧) جارێک بە یەک واو و جارێک بە دوو واو چەندان جار دووبارە بووەتەوە، بۆچی؟
٩٦/ لە لاپەڕە (١٣٧)، لە دێڕی (١٤)، (تەنها) وا نووسراوە، بەڵام (تەنیا) دروستترە.
٩٧/ لە لاپەڕە (١٣٧)، لە دێڕی (١٧)، (بێزاریی) وا نووسراوە، بەڵام (بێزاری) دروستترە.
٩٨/ لە لاپەڕە (١٤٠)، لە دێڕی (٩)، (هەلبجە) وا نووسراوە، بەڵام (هەڵبجە) دروستترە.
٩٩/ لە لاپەڕە (١٤٥)، لە دێڕی (١٥)، (ڕێزمانیی) وا نووسراوە، بەڵام (ڕێزمانی) دروستترە.
١٠٠/ لە لاپەڕە (١٤٦)، لە دێڕی (١٧)، (مەبەستی سەرەکی دەقەکە) وا نووسراوە، بەڵام (مەبەستی سەرەکیی دەقەکە) دروستترە.